گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

**Vol.28 Issue S.Con 2024**
**ID No. 3117 (PP 59-71)**
**https://doi.org/10.21271/zjhs.28.S.Con.6**

**توێژینەوە**

# ڕۆڵی عەزیز گەردی لە وەرگێرانی ئەفسانەی میللەتان بۆ سەر زمانی کوردیی

**دیمەن عبداللە صالح/** وەزارەتی ڕۆشنبیریی، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەری سلێمانی

## پوختە

ئەفسانە سەرچاوەیەکی مێژوویی، ئایینی، کولتووری گرنگە بۆ هەر نەتەوەیەک. تەنانەت مێژوویەکی پیرۆزە. ڕۆڵی ئەفسانەکان لە بونیادی ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووریدا زۆر گرنگە، چونکە یارمەتیدەرە بۆ دروستبوونی هوشیاری و هەستێکی هاوبەش بۆ مێژوو، بەهاکان، بیروباوەڕەکان، پیرۆزییەکان و نەریتەکان. هاوکات ئەفسانەکان دەبنە ئامرازێک بۆ دەربڕین و پاراستنی یادەوەری و ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان لەناو نەتەوەیەکدا. ئەفسانە یارمەتیدەرە لە داڕشتنی ناسنامەی هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگە. لێکۆڵەرێکی گەورەی وەکوو عەزیز گەردی بە هۆی کارەکانییەوە لەبارەی ئەفسانەوە، هەوڵێکی هاوبەشە بەرانبەر بە نیشتمان و کولتوور لای هەموو تاکێکی کورد زیندوو بکاتەوە.

توێژینەوەکەمان بە ناوی (ڕۆڵی عەزیز گەردی لە وەرگێرانی ئەفسانەی میللەتان بۆ سەر زمانی کوردیی)، کە پشتمان بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە، هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لە ڕۆڵ و پێگەی عەزیز گەردی لە زیندووکردنەوە و بایەخپێدان بە ئەفسانەکان بە مەبەستی پیشاندانی کولتوورە جیاوازەکان. توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، چوارچێوەیەکی تیۆرییە بۆ چەمکەکان، کە چەند تەوەرەیەکە تەوەرەی یەکەم چەمک و زاراوەی ئەفسانە تەوەرەی دووەم چەمک و زاراوەی ناسنامە تەوەرەی سێیەم چەمک و زاراوەی کولتوور تەوەرەی چوارەم کارەکانی عەزیز گەردی لە وەرگێڕانی ئەفسانەناسیدا. بەشی دووەم وەرگێڕای ئەفسانە و ناسنامەی کولتووری میللەتان، کە ئەویش چەند تەوەرەیەکە تەوەرەی یەکەم دیدی عەزیز گەردی سەبارەت بە وەرگێران، تەوەرەی دووەم ڕۆڵی ئەفسانە لە بونیادنانی ئاین، خێزان، ئابووری، هێز و دەسەڵات. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی

CORRESPONDENCE
**دیمەن عبداللە صالح**
deman.abdulla@gmail.com

پەسندکردن 2024/10/16
بڵاوکردنەوە 2024/11/15

**وشە سەرەکییەکان:**
ئەفسانە،
عەزیز گەردی،
ناسنامە،
کولتوور،
وەرگێران

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

ئەفسانە بەشێکی دانەبڕاوە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری لەنێو ئەفسانەدا کۆمەڵێک بابەتی سەیرو سەمەرە و سەرسوڕهێنەر هەیە، کە بەر دیدەی مرۆڤ دەکەوێت دەیباتەوە بۆ دونیایەکی جیاواز، کە هەموو ئەمانەش بیرو خەیاڵ زادەی مرۆڤ خۆیەتی. لە ئەفسانەدا مرۆڤ بەدوای شتە نەزاندراو و سەرکێشییەکاندا دەگەڕێت وەک پەیدابوونی مرۆڤ و گەردوون و سروشت و مردن هەتا دوای، کە پڕە لە بەرگریکردن و بیرو باوەڕی ئاینی و نەتەوایەتی و کە تێیدا هێزی گۆڕینی تایبەتمەندییەکانی ژیانی تاکەکانە لێکدانەوەی هەستی قوڵی تاکەکانە، کە تێیدا سیستەمی ئاینی و ئابووری و دەسەڵات و کلتووری پاراستووە.

ئەفسانە لە چەندان ڕووداوی جۆراوجۆر پێکدێت، کە گرێوگۆڵی زۆری تێدا دەبینیدرێت ئەمە جگەلەوە ناوی سەیرو سەمەرەی تێدایە کە مرۆڤ بە زەحمەت دەتوانێت لە بەریان بکات، چونکە قۆناغ بە قۆناغ لەلایەن گەلەوە شتیان بۆ زیاد و کەم کردوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەمان بە ناوی (ڕۆڵی عەزیز گەردی لە وەرگێڕانی ئەفسانەی میللەتان بۆ سەر زمانی کوردیی)، لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، چوارچێوەیەکی تیۆرییە بۆ چەمکەکان،کە چەند تەوەرەیەکە تەوەرەی یەکەم چەمک و زاراوەی ئەفسانە تەوەرەی دووەم چەمک و زاراوەی ناسنامە تەوەرەی سێیەم چەمک و زاراوەی کولتوور تەوەرەی چوارەم کارەکانی عەزیز گەردی لە وەرگێڕانی ئەفسانەناسیدا. بەشی دووەم وەرگێڕانی ئەفسانە و ناسنامەی کولتووری میللەتان، کە ئەویش چەند تەوەرەیەکە تەوەرەی یەکەم دیدی عەزیز گەردی سەبارەت بە وەرگێڕان، تەوەرەی دووەم ڕۆڵی ئەفسانە لە بونیادنانی ئاین، خێزان، ئابووری، هێز و دەسەڵات. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆدەرخستنی ڕۆڵ و پێگەی عەزیز گەردی لە زیندووکردنەوە و بایەخپێدان بە ئەفسانەکان، یەکێک لە ئامانجەکانی عەزیز گەردی پیشاندانی جیهانبینی مرۆڤە ئیجا کورد، یان نەتەوەی دیکە بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:**

پەیوەندی نێوان ئەفسانە و نەتەوە چییە؟ ئەفسانە چ ڕۆڵێک دەبینێت لە ناسنامەی نەتەوەییدا؟ ئایا دەکرێت وەرگێڕانی ئەفسانە ڕۆڵی هەبێت لە هاوبەشی و جیاوازی هەندێک لەمیللەتان بەتایبەتیش کورد؟ بۆ عەزیز گەردی زۆر بایەخی بە ئەفسانە داوە؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسن لەم توێژینەوەیەدا وەڵامیان دەدەینەوە.

**مێتۆدی توێژیەوەکە:**

بۆ توێژینەوەکەمان پەنامان بۆ مێتۆدی وەسفی شیکاری بەستووە، هەموو چەمکەکانمان لە ڕووی تیۆرییەوە وەسف کردووە و دواتر شیکاریمان بۆ دەقە ئەفسانەییەکان لەبەر ڕۆشنایی لایەنە تیۆرییەکە کردوون.

**گریمانەی توێژینەوە:**

توێژینەوەکەمان هەوڵدەدات بایەخ و گرنگی ئەفسانە لە پێکهێنانی ناسنامەی نەتەوەییدا دەربخات. بەوەی ئەفسانە دەبێتە ناسنامە بۆ نەتەوەکەمان، وەک چۆن هەموو نەتەوەکانی دنیا لە ڕێگەی دەقی ئەفسانەییەوە سیستەمی بیرکردنەوە و فەرهەنگ و ئایین و سیستەمی کۆمەڵایەتیان ڕاڤە دەکەن. عەزیز گەردی بە کۆکردنەوەی ئەفسانەی کوردی و وەرگێڕانیان دەیەوێت هەمان ناسنامە بۆ کورد بگەڕێنێتەوە.

**سنووری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەمان دەبێتە بەراوردی ئەفسانەی نەتەوەکان لەگەڵ ئەفسانەی کوردی، بۆ ئەمەش ئەم ئەو ئەفسانانەی عەزیز گەردی کۆیکردوونەتەوە وەردەگرین، هەم ئەفسانەی میللەتانەی تر کە ناوبراو بۆ کوردی وەریگێڕاون.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکە، بریتییە لە دەرخستنی هەموو خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانی نێوان کولتوورە جیاوازەکانی هەندێک لە میللەتان لەنێو سیستەمی ئاینی و خێزانی و ئابووری و دەسەڵاتدا.

### ١.چوارچێوەی تیۆری چەمک و زاراوەکان.

#### ١.١ تەوەرەی یەکەم: چەمک و زاراوەی ئەفسانە

ئەفسانە بەشێکە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری، کە هەموو گەلانی جیهان خاوەن ئەفسانەی خۆیانن هەوڵیانداوە لە ڕێگەی ئەفسانەوە بیرو باوەڕەکانی خۆیان بخەنەڕوو، کە هەندێک لە شارەزایانی ئەم بوارە زاراوەی (میتۆلۆژیا)یان بەکارهێناوە. ((وشەی ئەفسانە لە نێو یۆنانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کۆمەڵێک مانای هەیە لە وشەوە تا دەگاتە وتن و چیرۆک و خەیاڵ)) ( Bolle, Buxton, Smith 2024, online). کەواتە خەیاڵ دەبێتە کەرەستەیەکی سەرەکی یان کەرەستەیەکی بەهێز ((ئەفسانە لە فۆلکلۆری گەلاندا، بە شتێکی کۆن ئەژمێررێ، چونکە بەرهەمی ئەو کاتەیە کە ئادەمیزاد دەستەوسان و بێدەسەڵات ڕووبەڕووی سروشت ئەوەستاو هیچ ڕووداوێکی سروشتی بە ڕێکی بۆ لێک نە ئەدرایەوەو تێی نەئەگەیشت و دەسەڵاتیشی بەسەریا نەبوو، بۆیە دەرگای بۆ بیرکردنەوەو خەیاڵ ئەخستە سەرپشت و بەوجۆرەی کە ئەم ئەفسانانەی لێ هاتەبەرهەم، هەموو شتی لێک ئەدایەوە. واتە شێوەیەکی سادەی لێکدانەوەی ڕووداوەکانی سروشت ئەخاتە بەردەست. هەندێ زانایان لایان وایە، چونکە ئەم ئەفسانانە بەرهەمی سەرەتای ژیانی ئادەمیزادن، واتە سەردەمی منداڵیی ژیانی مرۆڤایەتی، بۆیە لەهەستی منداڵەوە نزیکن و منداڵ حەز لەم چیرۆکانە دەکەن و لە یادیان ناچێت.)) (ڕەسوڵ،١٩٧٠، ١١-١٢) هەرچەندە ئەفسانە زۆر لەوە قووڵترە، کە لە هەستی منداڵان بچێت، ڕاستە مامەڵەکردنە لەگەڵ دنیای خەیاڵ و فەنتازیا، بەڵام ئەم دنیایە خوێندنەوەی مرۆڤە بۆ یەکێ لە دیاردەکانی ژیان. هەموو ئەفسانەکانی دنیا ڕەهەندی فەلسەفیان هەیە و خوێندنەوەیەکی فەلسەفیانەن بۆ ژیان.

لە ئەفسانەدا ئەو پاڵەوانانەی تێدا نمایش دەکەن زۆر جیاوازن لە پاڵەوانی چیرۆکەکانی دیکەی دوور لە ئەفسانە، چونکە لە ئەفسانەدا ((پاڵەوانەکانی پڕ هێز وتوانا و ئەفسانەیی و خەیاڵاوین، توانای ئەنجامدانی کای گەورەیان هەیە، کە لە توانای مرۆڤی ئاساییدا نین لە نێو بابەتی ئەفسانەدا کۆمەڵێ دێو و درنج و شتی سەیر و سەرسوڕهێنەر هەیە، کە مرۆڤ لەکاتی خوێندنەوەدا دەباتە دنیایەکی تایبەتەوە، بە هەموو مانایەک ئەفسانە بەرهەمی بیرو خەیاڵی مرۆڤە)) (سەگرمە، ٢٠٢٠، ٦). کەواتە ئەفسانە لەتوانایدا هەیە لای مرۆڤەکان بیرۆکە جێبهێڵێت هەر بۆیە ئەفسانە کاریگەری زۆرترە لەسەر نەتەوە و مانەوەی لە یادگەیاندا.

ئەفسانە هەمیشە بەدوای ئەو شتانەوەبووە، کە مرۆڤ سەرسامیان بووە یان مرۆڤی خستۆتە تێڕامان و بیرکردنەوە هەر بۆیە ((ئایدۆلۆجیا ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە شێوازی تێڕامان و بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ دەورووبەر و سروشت و گەردوونەوە هەبووە. وەکو سەردەمی نوێ، تایبەت نەبووە بە بیرکردنەوەی کۆمەڵ و دەستەیەک و چەند بنەمایەکی تایبەتی بۆ تێڕامان هەبێت، بەڵکو بیرکردنەوەکان بە شێوەیەکی گشتی بوونە. بۆ نموونە ئەو دیاردانەی مرۆڤیان سەرسام کردووە وەکو مردن، دیاردەکانی سروشت... تاد وایان کردووە مرۆڤ بەدوای نهێنییەکاندا بگەڕێت.)) (مەنتک،٢٠١٩، ٢٢٢). لە ئەفسانەدا ڕوانین بۆ شتەکان ئایدۆلۆژیانەبووە، چونکە ئەفسانە بەشێکە لە سەرخانی کۆمەڵگا ، واتا سەرەتای ئەفسانە وەک ئەمڕۆ تێگەیشتنی بۆ ئایدۆلۆژیا نەبووە تەنها تێڕوانینێکی مرۆڤانە بووە وەک تێڕوانین بۆ ژیان و لەدایک بوون و مردن.

محمەد شەریفی لە کتێبەکەیدا بەناوی فەرهەنگی ئەدەبیاتی فارسی بەم شێوەیە پێناسەی ئەفسانە دەکات ((ئەفسانە چیرۆک یان گێڕانەوەیەکە لە نێوان ئەفسانە و واقیعی مێژوویی و زیاتر لەبارەی کەسێکی دیاریکراوە. ئەفسانە چیرۆکێکە لەڕێگەی گێڕانەوەی زارەکی کە لە ڕابردووە بۆ ئێستا گواستراوەتەوە و ڕاپۆرتێکی زیادەڕەوییەکە زۆرجار جێی متمانە نییە و زیاتر لەسەر کەسێکیان شوێنێکیان ڕووداوێکی مێژووییە.)) (شەریفی، ١٣٨٧، ١٧٦). لەڕاستیدا ئەفسنانە پیشاندەری واقیعێکی سەردەمی خۆیەتی، باسی بەسەرهات و ڕووداوێکی واقیعییە، بەڵام بە زمانێکی ئەفسانەیی دەگێڕدرێتەوە. بۆ تێگەیشتن لە ئەفسانە و خەیاڵ، کەواتە بنەمای ئەفسانە ڕەنگدانەوەی واقیع و خەیاڵە.

((وشەی ئەفسانە لەزمانی کوردیدا لە یەکێک لە ماناکانیدا بەواتای مێژوویێکی دوور و خەیاڵی و چیرۆکی و سەربوردەیەکی ناڕاست دانراوە ڕاستە ئەفسانە واتای خەیاڵی و ناڕادەیەکیش دوور لە عەقڵ ڕادەست دەکات، بەڵام ئەمڕۆ لێکۆڵەرانی بواری ئەفسانەناسی بۆیان دەرکەوتووە ئەو بابەتانەی لە ئەفسانەدا دەخرێنەڕوو رەگێکی واقیعیشیان هەیە. بۆ نموونە ئەفراندنی زەوی و ئاسمان واقیعێکە، بەڵام گێڕانەوەی چۆنییەتی پرۆسەی ڕووداوی ئەفراندن لای مرۆڤ، دیاردەیەکە دەکەوێتە خانەی خەیاڵی ئەو مرۆڤە داهێنەرانەی ئەفسانەی ئەفراندنیان داهێناوە)) (خۆشناو، ٢٠١٣، ١٦). ئەگەر ئەفسانە بەواتای مێژوویەکی دوروو یان دێرین بێت ئەوا بەدەر نابێت لەواقیعیەت، بۆنموونە هەندێک لە ڕووداوەکان سەرچاوەکەی کاریگەری سروشت بوو و واقیعیە، بەڵام لای مرۆڤ دەکەوێتە بەر خەیاڵی داهێنەری ئەفسانەکان، هەرچەندە ئەفسانە بەبێ عەقڵ نابێت، بەڵام دەکرێت دووربێت، چونکە سەرچاوەی داهێنانی هەموو شتێک داهێنانەکەی عەقڵە.

**٢.١چەمک و زاراوەی ناسنامە:**

ناسنامە پرسێکی گرنگە لەلای هەر نەتەوەیەک، چونکە مرۆڤ هەمیشە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت بزانێت یان تێبگات واتای بوون چییە؟ هەموو بوونەکانیش لە نێوان میللەتاندا واتا و ڕاڤای جۆراوجۆری بۆ کراوە، چونکە چەمکی ناسنامە چەمکێکی سادەو ساکار نییە خۆی لە زانستەکانی دیکەی وەک ئاین، فەلسەفە، دەروونناسی، مێژوو، هید... ئاڵاندوە. سەبارەت بە ناسنامە کۆمەڵێک وشە بەرامبەر بەم زاراوەیە دانراوە بۆنموونە لە پێناسەی هەوییەتدا ((هەوێتی شوناس، شناس، ناسنامە، ناسە پێناس، هەویە و زانا و بۆ گوزارەکردن لە چەمکی (identity) بەکارهاتوون. (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢، ٢٤٤) هەموو تاکێک پێویستی بە ناسنامەیەکە بۆ ئەوەی جیابکرێتەوە لە ئەوانی دیکە، یاخود هەست بە بوونی خۆی بکات، ئەگەر گرنگی بە تاک نەدەین ناتوانین هەنگاو بەرەو کۆمەڵ بنێن، چونکە هەر تاکە پێکهێنەری کۆمەڵ و دواتر کۆمەڵگاو نەتەوە بۆ دەستەبەر کردنی ناسنامەی نەتەوەیەک. ((ناسنامە چەمکێکی سۆسیۆلۆژیە. لە پەیدابوون هەر ناسنامەیەک گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارێکی بابەتی سەرەکیە. بە شێوەیەکی گشتی کاتێک مرۆڤ پێناسەی دیاردەیەک دەکات، ئەو دیاردەیە لەگەڵ دژەکەی دەناسێنێت. بۆ نموونە تێگەشتن لە دیاردەی سەرما پێویست بە زانینی دیادەی گەرما دەکات. لە سۆسیۆلۆژیشدا هەمان یاسا جێبەجێ دەبێت بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤبوون، مرۆڤ پێویستی بە زانینی ئەوەیە کە ئاژەڵ نییە بەواتایەکی دیکە بۆ تێگەیشتن لە ئینتیمای کۆمەڵایەتی، مرۆڤ دەبێت بەڕوونی دیاربێت ئەو ئینتیمایە پەیوەست نەبێت بە کۆمەڵگەیەکی دیکە)) (ئامێدبەگ، ٢٠٢١، ٢٦-٢٧). مافی سەرەکی هەر تاکێک بریتییە لە ناسنامە، چونکە نە بوونی ناسنامە دەبێتە هۆی دابڕان یان نە بوونی خاک نەتەوە نیشتیمان هید... بۆیە پێویستە هەر تاکێک هەڵگری ناسنامەیەک بێت خۆی تێدا بدۆزێتەوە بۆئەوەی ڕۆڵی هەبێت لە پێکهێنانی هەستی نەتەوە.

((لەپرسی ناسنامەدا، چ وەک تاک و چ وەک کۆ، بریتییە لە پێداویستیی هەبوونی ئەوی تر، بەواتایەکی دیکە هیچ ناسنامەیەک بەشێوەیەکی سەربەخۆ هەبوونی نییە و ئەوە تەنیا لە هەبوونی جیاوازی لە نێوان خود و ئەوی دیکەدایە کە ناسنامە دێتە ئاراوە. لە ڕاستیدا بۆئافراندنی ناسنامەیەک، پێشتر ئافراندنی ئەوی دیکە دەبێتە پێویستییەک.)) (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢، ٢٤٧). ئەفراندنی ناسنامە لە بنەڕەتدا بەتاک دەستپێدەکات دواتر هەنگاو دەنێت بۆ کۆمەڵ تاوەکو ئەفراندنێکی ناسنامەی نەتەوەیی دێتە ئاراوە، چونکە تاک پێکهێنەری نەتەوە و کۆمەڵگایە کاتێکیش ناسنامە ڕەگ دادەکوتێت پەل دەهاوێت بۆ بوارەکانی دیکە.

سەبارەت بە پرسی ناسنامە لە ڕوانگەی (ستوارت هاڵ) ناسنامە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر دوو بازنەدا دابەش دەکات، بۆنموونە ((یەکەم ئەو بەشە کە مرۆڤ بە لەدایکبوون وەری دەگرێ و وەک تاکێکی تەواو و خاوەن هزر، تێگەیشتن، زانیاری و تێکۆشان هەڵگریانە. دووهەم بازنە بریتە لە بەستنی کۆمەڵایەتی، کە وەک بازنەی یەکەم سروشتی و ئۆتوماتیک نییە، بەڵکو لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە و دەورووبەردا شکڵ دەگرێ. سەمبول، بایەخ و ماناکان لەو قۆناغەدا کارا و شوێندانەرن.)) (شێخانی، ٢٠١٦، Online). مرۆڤ هەر لەو کاتەی لە دایک دەبێت ناوێکی بۆ دادەنێت، کە دەبێتە هەڵگری ناسنامەی خۆی، دوای ئەوە ، کە دەچێتە کۆمەڵگاوە بازنەکە گەورەتر دەبێت دەکەوێتە ژێر چەترێکی گەورەتر، کە بە ناسنامەی نەتەوە ناو دەبرێت.

ئەگەر سەرنج بدەین لە زۆربەی زانایان و فەیلە سوفان سەبارەت بە ناسنامە زۆرێک ڕاو بۆچوونیان هەیە. هەندێکیان هاوڕان و هەندێکی دیکەیان ڕای جیاوازیان هەیە، هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی(( زۆربەی بیرمەندان سەبارەت بەڕۆڵی شوناس لە کۆمەڵگادا هاوڕان، بەڵام جیاوازییان لە هۆکاری و چۆنێتی پەرەسەندنیا هەیە. ستیوارت هۆڵ یەکێکە لەو بیرمونده ناسراوانەی کە بە ڕوونی بیروڕای خۆی لە بارەی شوناسەوە خستۆتەڕوو، لای ئەو تاک لە کۆمەڵگەی پێشنوێگەریدا، ئەو بایەخەی لە شوناسدا نەبووە، بەڵکو ڕۆڵی کۆمەڵ زاڵ بووە و ڕیگەی وا بە تاک نەداوە شوناسی تاکانەی خۆی هەبێت، بەڵکو تاک بەشێکی بچووکی نەخشەی شتەکان بووە هەیکەلێکی چەسپاو هەبووە لە خوداوە دەستپێکراوە لو سەرەوەی هەموویانەوە بووە، ئینجا پاسا، پاشان چینی نزمتر، تا گەیشتۆتە سەر ئاژەڵ و ڕووەک و بێگیان ئیتر شوناس لە نێو ئەم هەیکەلەدا دەسنیشانکراوە نەک لەوەوە کە تۆ چەند سیماو خەسڵەتی تایبەتیی تاکانە وەدەسهێنیت.)) (تاهیر بەرزنجی، ٢٠١٨، ١٨). لە هەر بابەتێکدا یان لە بوارە جیاوازەکاندا هەریەکەو بە پێی زانستی خۆی گوزارشتی لە ناسنامە کردوە، بۆ نموونە ((لە بەشی مرۆڤ ناسی شوناس دەبێتە هۆی ناسینەوەی تاک و کۆمەڵگە لە ئەوەی دیکە، واتە کۆمەڵێک تایبەتمەنییە کە بە هۆیانەوە مرۆڤ وەک تاک یان گروپ لە کەسانی دیکە دەناسرێتەوە. ئەم پێناسە دوو واتا و مانای سەرەکی و دژ بەیەکی هەیە، مانای یەکەم گوزارشت لە لێکچوونی ڕەها دەکات، واتە ئەمەش هاوشێوەی ئەوە. مانای دووەم چەمکی جیاکارییە کە بریتییە لە گونجاندن و بەردەوام بوون.)) (محمد، ١٣٨٣، ٢٩).

زۆجار مرۆڤ دەکەوێتە تێڕامان لە بوون و وجوودی خۆی بۆیە پرسی ((شوناس پرۆسەی وەڵامدانەوەی هۆشیارانە بۆ پرسیارەکانی شوناس ناسی و خودناسی، کاتێک مرۆڤ پرسیار دەکات لە خۆی؟ لە ڕابردووی؟ لە کوێ هاتووە؟ کێ بووە؟ سەر بەکام نەتەوە

بووە؟ ڕەگەز و بنەچەی کێیە؟ سەرچاوە سەرەکیەکەی لە کوێیە؟ سەر بە چ جۆرە کولتوورێکە؟ چ شارستانیەتێکی هەیە؟ ڕۆڵێکی لە گەشە سەندنی جیهاندا هەبووە؟)) (لطف، ۱۳۹۲، ۱۰ ).

ناسنامەی نەتەوەیی پەیوەندی لەگەڵ بوارە جیاوازەکانی دیکەدا هەیە، وەک کولتوور سایکۆلۆژیا ئەدەب لە ناویدا ڕۆمان و ئەفسانە، چونکە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین تاکەکان لە نێو زۆربەی ئەفسانەکانی گەلاندا گەڕانە بە دوای ئەوەی مرۆڤ کێیە؟ چۆن مرۆڤ پەیدابووە؟ لە کوێوە هاتووە هەموو ئەمانە لە زۆربەی ئەفسانەی گەلاندا وەڵام دراونەتەوە، هەموو ئەم پرسیار و گومانانەی دروستبوون لەلایەن مرۆڤەوە لە ئەفسانەدا بوونی هەیە، وەک بەشێک لە ناسنامە و کولتوور.

### ۱. ۳چەمک و زاراوەی کولتوور

چەمکی کولتوور چەمکێکی فراوانە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە ئەدەبەوە هەیە. کولتوور ((ئەندامانی ئەو کۆمەڵانەی، کە یەک زمان بەکاردەهێنن، بەشدارن لە کۆمەڵێک شتی زۆر لەوانە ئاراستە ڕامیاری و ئاکارییەکان، نەک تەنها ئەمە بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر بەشداری لەو ڕێڕەوەی کە جیهانی پێدەبینن، دەکەن. بۆنموونە پۆلێنکردنیان بۆ شتە هەستپێکراوەکان هەروەها ئەو واتایانەی، کە کرۆکی ئەو پۆلێنانە لە خۆ دەگرن. بەم پێیە یەکە کۆمەڵایەتییە بچووک و گەورەکان، سنوور فەزای کولتوور کەم تا زۆر دیاریکراویان هەیە، کولتووری ئەم جۆرە کۆمەڵانە بریتییە لە کۆیەکی ئاڵۆز، کە لەخۆگری زانست، بڕوا، هونەر، ئاکار، ماف، دابوونەریت و هەر بەهرەو خدەیەک، کە مرۆڤ وەک ئەندامی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەدەستی دێنێت.)) (فەرەج، ۲۰۱۳، ٦٠).

کولتوور ((زمان، بیرۆکە، بیروباوەڕ، داب و نەریت، دامەزراوە، ئامراز، تەکنیک و بەرهەمە هونەریەکان وەکو سەما، مۆسیقا، ئاهەنگەکان، وێنە، پیشەی دەست شوێنەوارە مێژووییەکان بابەتەکانی دیکەدا دەگرێتەوە، کە دەکرێت هەریەک لە میللەتان خاوەنی هەریەک لە مانە بن، بەڵام بەشێوازی جیا جیا)) (Akhter, 2022,، Online). کولتوور لە نێوان نەتەوەکاندا زۆر جیاوازە هەر لە خواردنەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە مێژووی ژیانی تاکەکان ((کولتوور جێگیر نیە واتا هەرگیز جێگیر نابێت، چونکە لەبنەڕەتدا لە جووڵەدابووە بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەمەش وا دەکات پێناسەیەکی گونجاومان بۆ کولتوور دەست نەکەوێت لە کاتێکدا گۆڕانکارییەکان هەر بەردەوامن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ڕێز لە بەها و ڕێزگرتن و پراستنی ڕابردوو دەگرن)) ( Pappas, Mckelvie, 2022,، Online). هەرچەندە لە نێو کولتووردا دەبینین شتێک یان بۆنەیەک دەبێتە ڕابردوو یان مێژوو، بەڵام هەر نەتەوەیەک بە هەرچی نرخێک بێت پارێزگاری لەم کولتوورە دەکات بۆ نموونە لە کولتووری ئێمەدا سەردانی کردنی دراوسێ یان خزمان کەم بۆتەوە یان کاڵ بۆتەوە، بەڵام هەر پارێزگاری لەم سەردانە دەکرێت بە تایبەت لە بۆنەکاندا سەردانی یەکتر دەکرێت.

((ئێدوارد تایلۆر (۱۸۳۲- ۱۹۱۷) بنیاتنەری زانستی مرۆڤ ناسی بەڕەچەڵەک خەڵکی بەریتانیایە پێی وایە کولتوور بەکۆمەڵێک لە مەعریفە، بیروباوەڕ، هونەر، یاسا، ئاکار، کردار، خوو، بیروباوەڕ و هونەر و هەموو ئەو شتانە پێناسە دەکات کە مرۆڤ وەک تاکێکی کۆمەڵگە فێری دەبێت. دوو نووسەری بەریتانی بە ناوەکانی (Alfred Kroeber) و (Clyde Kluckhohn) لە کتێبەکەی خۆیان بە ناوی (Culture: A Critical Review of Concepts and Definition) پێناسەی هەمەجۆریان لەبارەی کولتوور نووسیوە و کۆکردەوە کە دواتر گەیشتن بەم پێناسەی خوارەوە بۆ کولتوور بەرزترین فەزیلەت لە هونەرە جوانەکان و کاروباری مرۆڤایەتیدا کە بە کولتووی باڵا ناسراوە. مۆدێلێکی یەکگرتووی زانست و بیروباوەڕ و ڕەفتاری مرۆڤ کە پەیوەستە بەتوانای فیکری و ڕەمزی. کۆمەڵێک مەیل و بەها و ئامانج و کردەی هاوبەش کە پێناسەی دامەزراوە یان ڕێکخراو و گروپێک دەکات.)) (منبع، ۱٤۰۲، ٤). کەواتە کولتوور پەیوەست نییە بە تاکە کەسێکەوە، بەڵکو پەیوەستە بە گەلێک یان نەتەوەیەکەوە.

تەوەرەی چوارەم: کارەکانی عەزیز گەردی لە وەرگێڕانی ئەفسانەناسیدا:

نووسەر و وەرگێڕ عەزیز گەردی زۆرێک لە شاکارە گرنگەکانی جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بە تایبەتی لە بوارەی ئەفسانەکانی جیهاندا، لە بواری ئەفسانەدا مەبەست وتێڕوانینی گەیشتنە بە خاڵێک ئەوێش کورد چۆن لەگەڵ ئەفسانەدا کاری کردووە، هەروەها کورد هاوبەشی و جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەفسانەکانی دیکەی جیهانیدا. یاخود کورد چۆن توانیویەتی سوود لە ئەفسانە وەربگرێت لە سیستەمی ئاین و سیستەمی ئابووری و ڕۆشنبیری و کولتووری هتد... هەندێک لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی لە بارەی ئەفسانەوە وەک (ئەفسانەی ئەرمەنی، ئەفسانەی ئەفریقی، ئەفسانەی سلاڤی، ئەفسانەی کوردی، ئەفسانەو ڕازی کوردی، هەقایەت وئەفسانەی هیندەییە ئەمریکییەکان، هەقایەت و ئەفسانەی کەنەدی، ئەفسانەی ئەستەنبۆڵی، ئەفسانەی ژاپۆنی، ئەفسانەی فیرعەونی، ئەفسانەی هیندی، ئەفسانەی مازەندەرانی و تورکمەن، ئەفسانەی ئێرانی، ئەفسانەی گەلان) شارەزایی

عەزیز گەردی لە بواری وەرگێڕانی ئەفسانەدا بەشێوەیەک بووە، کە توانیویەتی بە تەواوی گرنگی بە کلتوور و زمان و ڕەسەنایاتی کوردی بدات بەتایبەتی ئەفسانەی میللەتە جیاوازەکان.

عەزیز گەردی هەر وەرگێڕ نەبووە، نووسەرێکی بە تواناش بووە دەیان نووسین و لێکۆڵینەوەی دیکەی هەیە وەک ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ئەدەب و ڕەخنە، پەخشانی کوردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، فەرهەنگی مەموزینی خانی...

سەبارەت بە گرنگی کارکردن لە ئەفسانەدا عەزیز گەردی پاڵپشتی خۆی بۆ قسەیەکی مەسعوود بابایی دەردەبڕێت، کە دەڵێت: ((بۆ ئەوەی فکری کوردی بەرهەم بهێنین، دەبێت شارەزای ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردی بین و لێیان بکۆڵینەوە لەوێوە دەست پێ بکەین گوتی: وایە ڕاست دەکات.)) (قارەمان، ٢٠٢٣، ٢١). دەبینین عەزیز گەردی پێی وایە دەبێت کارکردن لەسەر ئەفسانە گرنگە پێویستە لێکۆڵینەی لەسەر بکرێت. بۆ نموونە ئەفسانە وەرگێڕدراوەکان بۆسەر زمانی کوردی بیر و فیکر و زەینی میلەتەکەت لەگەڵ ئەزموون هاوبەشی پێدەکەن ئەمەش وادەکات ئەزموونێکی نەمریت پێ ببەخشێت. بۆ نموونە وەک ئەزموونی ژیانکردن، ئەمەش لە پێناوی ژیانێکی باشتر.

کارەکانی عەزیز گەردی لە بوارەی ئەفسانە ناسیدا هەوڵێک بووە بۆ بەرەو پێش چوونی فکرو زینی تاکەکانمان لە پێناوی ژیانکردن و و نیشاندانی کولتووره جیاواز و هاوبەشەکان و پاراستنی کولتوور و ڕەسەنایەتی.

## ٢. وەرگێڕانی ئەفسانە و ناسنامەی کولتووری میللەتان

### ٢.١دیدی عەزیز گەردی سەبارەت بە وەرگێڕان

وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی سوود وەرگرتنە لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە یاخود میللەتان، ئێمە چۆن بتوانین لە دوو کولتوور تێبگەین لە نێوان دوو زماندا، یاخود چۆن بتوانین پردێک دروستبکەین لە نێوان خۆمان و میللەتاندا، هەموو ئەمانە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەتوانین بیکەین، بەڵام وەرگێڕان کارێکی هەروا سادەو ساکار نییە هەر وەک چۆن عەزیز گەردی وەرگێڕ دەڵێت: ((وەرگێڕان هونەرە)) (قارەمان، ٢٠٢٣، ٥٦) لە دیدی عەزیز گەردیدا بۆمان دەردەکەوێت زانینی زمانی دووەم بەتەنیا بەسنییە بۆ وەرگێڕان، چونکە وەرگێڕان ئەزموونێکی زۆری دەوێت لە هەمان کاتدا پێویستە وەرگێڕ شەرەزایی لە هەردوو زمانەکەدا هەبێت بەتاییە زمانی ئاخاوتن بۆنموونە لە ئەفسانەدا دەکرێت زمانی ئاخاوتن بەکاربێت، چونکە ئەفسانە دەماودەم هاتووە. بۆیە پێویستە ئاگاداری وەرگێڕان بین.

لە شوێنێکی دیکەدا لەعەزیز گەردی دەپرسن وەرگێڕان چییە ئایە وەرگێڕان مومارەسەیە؟ ئەی تۆ پێش ئەوە موومارەسەت هەبوو؟ لە وەڵمدا دەڵێت: ((ئادی کوو، مومارەسەیە.)) ( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٣، ٧٤) لە دیدی عەزیز گەردی بۆمان دەردەکەوێت، کە کاری وەرگێڕان ئەزموونە و شارەزاییە، بۆموونە ئەگەر سەرنج بدەین لە دەقە وەرگێڕدراوەکانی لە ئەفسانەدا زۆر بە شارەزایی و بە ئەزموونەوە کاری تێدا کردوە، واتا بە باشی لە ئەفسانە ڕۆڵی ئەفسانە گەیشتووە هەر بۆیە توایوەیەتی بەم تام وچێژی کوردیانە وەریبگێڕێتە سەر زمانی کوردی وەک ئەوی دەڵێت دەقێکی خۆماڵییە کاتێک بەری دەکەوین هەست دەکەین هەموو ڕووداوەکان لە نێو میللەتی کوردی ڕوویانداوە بۆیە کاتێک دەست دەدەینە وەرگێڕان بەتایبەت ئافسانە دەبێت شارەزایی تەوەومان هەبێت یان ئەگەر دەست بدەینە وەرگێرانی بابەتێکی فەلسەفی بەهەمان شێوە دەبێت شارەزایمان هەبێت لە فەلسەفە ئەمە بۆ هەموو بابەتەکانی دیکەش ئاوایە.

زمان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە وەرگێڕاندا، بەڵام پرسیارە سەرەکیکە ئەوەیە ئایە زمان زانین بۆ وەرگێڕان بەسە؟ سەبارەت بە ئەمە عەزیز گەردی دەڵێت: ((ئەوەی زمانێک بزانێت، وا دەزانێت دەتوانێت وەربگێڕێت. وا دەزانێت ئەگەر بڕێک فارسی زانی دەتوانێت وەربگێریت. کاکە خۆ وەرگێڕان هەر ئەوە نییە تۆ بڕێک ئەو زمانە بزانیت. وەرگێڕان داهێنانە، داهێنانی نووسین. تۆ ئەگەر ئەزموونی نووسینت نەبێت، ناتوانیت باش وەربگێریت.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو،٢٠٢٣، ٧٤). کەواتە ڕاستە زانینی زمانی دووەم پێویستە بەڵام نووسین و خوێندنەوە و ڕۆڵیان هەیە لە ئەم پرۆسەیەدا و شارەزایی کولتووری هەردوو زمانەکە ئەمانە بەرەو داهێنانمان دەبەن و وەرگێڕانێکی باش و سەرکەوتوو دەبێت.

لە وەرگێڕاندا زمانی ناوچەی زۆرکات بەکاردێت، ئەمە دەکرێت تارادەیەک نەشیاو بێت، چونکە لە زمانی یەکەمدا تایبەتمەندی خۆی هەیە رەنگە بەکارهێنانی زمانی ناوچەی تارادەیەک شێوای بۆ وەرگێڕان دروستبکات، یەکێ لەو پرسیارانەی سەبەرەت بە زمانی ناوچەیی بەکارهێنانی لە وەرگێڕاندا لە کتێبی مرۆڤێکی تەنیا لە کەوشەنی کتێبدا ئارستەی عەزیز گەردی دەکرێت لە وەڵام دا دەڵێت: ((ئەو شتانە سەر ناگرن، چونکە زمان لە ناوچە گەورەترە. با هەر بەکاری بهێنن، پاش ماوەیەک بۆخۆیان پەشیمان دەبنەوە)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٣، ٧٧) کەواتە لێرەدا دیدی عەزیز گەردی سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی لە وەرگێڕاندا باشترە

زمان بێت نەک لەهەجە ئەمەش هەنگاوێکە بۆ زمانێکی ستاندەر، کەناکرێت تەنها خۆمان ببەستینەوە بە ناوچەکان بۆنموونە ناوچەی موکریان یان سلێمانی یاخود هەر ناوچەیەکی دیکە با لە پێش هەموو شتێکەوە گرنگی بە وشەکان بدەین واتا وشە کوردییەکان و دورکەوینەوە لە زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی یان زمانی بێگانە تا بتوانین وەرگێڕانێکی تەواو پارو و سەرکەوتوو بەرهەم بهێنین.

بۆئەوەی فکرێکی کوردیانە بەرهەم بهێنین پێویستە خۆمان لە وشە بیانییەکان بە دوور بگرین، و دەبێت شارەزایی ئەم بابەتە بین، کە وەرگێڕانەکەی بۆ دەکەین، بۆ نموونە ئەفسانە پێویستە بتوانین شارەزایی لە ئەفسانەدا پەیدا بکەین و ئاگاداری کولتووری هەر دوو نەتەوەیە بین، کە ئەفسانەکەی وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

## ٢. ٢ڕۆڵی ئەفسانە لە بونیادنانی ئاین، خێزان، ئابووری، هێز و دەسەڵات

### ٢. ٢. ١ سیستەمی ئاینیی:

لە سیستەمی ئاییندا دەبینین ئەفسانە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هەموو ئەفسانەکانی جیهاندا هەیە، چونکە هەر میللەتێک خاوەنی ئاین و خواوەندی خۆیەتی بۆ پەرستن لێرەدا واتا لەم سیستەمەدا زیاتر گرنگی بە چۆنییەتی دروستبوونی گەردوون و سروشت و لەدایک بوونی و مردنی مرۆڤ دەکات. کاتێک مرۆڤ بیر دەکاتەوە لە وشتانە دەکەوێتە تێڕامان و گومان و پرسیارکردن لە خود من چۆن دروست بووم؟ مرۆڤ چۆن پەیدابووە؟ سروشت چۆن دروست بووە؟ هەموو ئەمانە پەیوەست بە ئاین و ئەفسانەوە ڕاڤای جیاوازی بۆ کراوە لە نێوان میللەتەکاندا

بۆنموونە لە ئەفسانەی ئەرمەنیدا هێزی مانەوە لە ژیان ڕۆح کێشان گەڕان بە دوای نەمریدا بەستراوەتەوە بە هێزی ئەشق واتا مرۆڤ و خۆشەویستی بۆ بەرامبەر توانای مانەوە دەهێڵێتەوە بۆ بەردەوام بوون لە ژیان بۆنموونە ((مەرگ لە پڕ ڕۆحی کچەکەی کێشا، بەڵام کە لەئیشی خۆی بووەوە، هەستیکرد ناتوانێ ئەم ژنە و پیاوە گەنجە لە بیربکات. لە ئەشق و فیداکاری ژنەکە سەرسام بوو دڵی نەرم بوو و بڕیاریدا ڕۆحی بداتەوە. کچەکە زیندوو بووەوە و مەرگ وازی لێ هێنان و ڕۆیشت. کابرای گەنج و دەزگیرانەکەی لە کەیف خۆشییان لە پێستی خۆیان نەدەحەوانەوە.)) (داونینگ، ٢٠٠٦، ٢٧-٢٨) لێرەدا دەبینین هەرچەندە کارەکتەرە کوڕەکە دەیەوێت لە مەرگ ڕابکات، بەڵام مەرگ لە هەموو شوێنێک یەخەی دەگرێتەوە هەتا پێی دەڵێت تا کەی ڕادەکەی هەر چەند دایکی وتی ڕۆحی من بکێشە باوکی بە هەمان شێوە، بەڵام کاتێک دەگێشە کۆتای ڕۆح کێشانەکە نەیان توانی بۆیە خواوەندەکان سەبارەت بە مەرگی مرۆڤ و مانەوەی لە ژیان لە ئەفسانەی ئەرمەنیدا بریتییە لە هێزی ئەڤین و ئەشقی مرۆڤەکانە لە کاتێکدا مرن لە ئاییندا نەکەس نەهێچ مرۆڤێک دەسەڵاتی تێدا هەیە تەنها خودا و بە ئەمری خودایە ڕۆحی مرۆڤ دەکێشرێت. تەنهاش لە ڕۆژی دوایدا ڕۆح دەکرێتەوە بەبەر مرۆڤەکاندا وە لە ئەفسانەی کوردیشدا شتێک هەیە پێی دەڵێن ئاوی حیات گوایە هەر کەسێک لەو ئاوە بخواتەوە نامرێت، واتە هێزی مانەوە لە ئەفسانەی کوردیدا بریتییە لە ئاو، بەڵام لە ئەفسانەی ئەرمەنیدا بریتیە لە ئەشق کەواتە گەڕان بەدوای نەمری و مانەوەی ژیان لە نێو ئەفسانەی گەلاندا هەمر جیاوازی هەمر هاوبەشی هەیە.

بۆنموونە لە ئەفسانەی کوردیدا دەبینین باسی مردن دەکات ((جبرائیل هاتە لای مووساو گوتی: ئەی مووسا وەختی مەرگتە! جبرائیل گیان، توو موقەددەساتت! تکایە دوو سێ ڕۆژی تر مۆڵەتم بدە. چەند ئیشێک هەیە دەبێ یەک لایان بکەمەوە و ماڵاوایی لە ماڵەوە بکەمر. ئینجا تۆ کوێت دەوێ دەچمە ئەوێ. جبرائیل ڕازی بوو و مووسای ئازادکرد. مووسا هەڵات. عزرائیل و جبرائیل تووڕەبوون، خۆیان خستە سەر شکڵی مرۆڤ و لەدەمر ڕێگا گۆڕێکیان بە کوڵینگ و بێڵ لێدا.)) (جەلیلی، جەلیل، ٢٠١٠، ٢٠٥) جیهان بینینی مرۆڤ لە ئەفسانەی کوردیدا لێرەدا دەردەکەوێت بۆ مردن ئەگەر سەرنج بدەین مووسا ئەم هەموو تەمەنە ژیاوە، بەڵام دیسان لە مەرگ ڕادەکات نایەوێت بمرێت کەواتە هەروەک لە ئەفسانەی ئەرمەنیدا دیسان ڕاکردنە لە مردن، کە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو ئەفسانەیەیە. عەزیز گەردی نووسەر و وەرگێڕ هەوڵیداوە ئەم پەیدابوونی گەردوون و هەوڵدان بەداوای نەمری مرۆڤەکان لە نێو ئەفسانە جیاوازەکان بخاتەبەر دیدەی ئێمەو ئاشنامان بکات بە بیروڕاو بۆچوونە جیاوازەکانی نێو ئەفسانەی گەلان، ئەم بیروڕا جیاوازانەش وادەکات ئاشنای بیر و فکری گەلان بین.

لەڕوانگەو بیرو باوەڕی ئاینی کۆندا ئەگەر سەرنج بدەین (مار) هەندێکجار هێزێکی خراپەیە، چونکە مار ئەهریمەنی بردە بەهەشتەوە تا ئادەمر هەڵخەڵەتێنێت، بەڵام لە هەندێک ئەفسانەی گەلاندا ئەم ڕەمزە واتا مار بۆ کاری چاکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە ئەفسانەی ئەرمەنیدا دەبینین مار هێزی چاکەو خێرە بۆ مرۆڤ ئەگەر سەرنج بدەین لەم پەرەگرافە ئەمە بە ڕوونی دیار دەکەوێت ((ڕاوکەرە گەنجەکە، لەگەڵ مارەکە چووەوە ماڵی خۆیان چی گوتبوو ئەنجامیدا. ئینجا شەربەتە جادووییەکەی نۆشی و بە

دەستووری شای ماران درێژبوو و خەوی لێکەوت کە بەخەبەرهات، مارەکە لێی پرسی: کوڕم! هەست دەکەی توانایەکی تایبەتت پەیدا کردووە؟ گەنجە وەڵامی دایەوە:

-بەڵێ ئێستا دەزانم سەری تۆ چوار مێشکی تێدایە. دوو مێشکی لای ڕاستە ژەهریان تێدایە و دوو مێشکی لای چەپە دەرمانن. ئینجا شای ماران داوای لە کوڕی گفتەنی خۆی کرد کە کۆنە شەرابی حەفت ساڵەی دەرخوارد بداو ئینجا سەری ببڕێ و کەلەشی بنێژی)) (داونینگ ، ٢٠٠٦، ١٥١). لەم پەڕەگرافەدا دەردەکەوێت کە شای ماران دەیەوێت کە هاوکاری ئەم گەنجە بێت ببێت بە لوقمان و فریاد ڕەسی مرۆڤەکان، چونکە پاشا توشی نەخۆشییەک بووە ئەو مارە دەرمانییەتی، بەڵام مارەکە خۆی دەڵێت کە سەری ببڕێت و وە زانیاری تەوای پێدەدات سەبارەت بە دەرمانی گژو گیایی هەر لێرەوە دەردەکەوێت مار لە ئەفسانەی ئەرمانیدا ڕەمزی خراپەنییە، بەڵکو ڕەمزی چاکەیە بۆ نموونە لە ئەفسانەی کوردیدا ((مارە گیان، تۆ وەکو خوشکم وای! بەرامبەر بەو بێ وەفاییەم لەگەڵم کردووی، سزام مەدەو گاڵتەم پێمەکە! من ئەم جارە لە نووکی تەوری میر غەزەب نەجاتم نابێ

-خەمت نەبێ، یارمەتیت دەدەم. بڕۆ بە پاشا بڵێ: جەنابی پاشای دەسەڵاتدار، لە خەوندا مەرو بەرخێکی زۆرت دی، ئەمانە پیاوەکانی تۆن)) (جەلیلی، جەلیل، ٢٠١٠، ٣٧٩ ) لە ئەفسانەی کوردیدا ئەگەر سەرنج بدەین خراپەکاری مرۆڤە، چونکە مارەکە چەند جارێک هاوکارو یارمەتی دەری ئەم مرۆڤەی کردوە ئەمیش هەوڵی کوشتنی مارەکەی داوە کەواتە دەردەکەوێت، کە هێزی چاکەیە مار لێرەدا نەک خراپە کە خاڵێکی هاوبەشە لە نێوان هەردوو ئەفسانەی کوردی و ئەرمەنیدا مار بۆتە ڕەمزی چاکە.

### ٢. ٢. ٢سیستەمی خێزانیی:

ئەفسانە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە سیستەمی بەڕێوەچوونی خێزان و وەک کچ بە شوودان، کچ وەرگرتن لە بری خوێن هەروەها میرات هتد... ئەم سیستەمە لە نێو ئەفسانەی گەلاندا هەم لێکچوونی و جیاوازی تێدا دەبیندریت. ئەگەر سەیربکەین لە ئەفسانەی ئەرمەنی بکەین کاتێک کچێک دەیەوێت هاوسەرگیری بکات دەبینین کۆمەڵێک مەرج و داواکاری هەیە وەک لە بەرامبەر پێدانی کچێک مەرگی کەسێکی دیکەی دەوێت یان داوایەکی هەیە، کە زۆر زەحمەتە کردنی وەک چۆن لە کولتووری کوردیدا دەبینین زۆرجار کچ لە بری خوێن دەدرێت ئەمەش زۆرجار لە کولتوورە جیاوازەکاندا ڕەنگ دەداتەوە بۆنموونە ئەگەر سەرنجی ئەم پەڕەگرافەی خوارەوە بدەین لە ئەفسانەی ئەرمەنیدا ئەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە ((پاشا لەدڵی خۆیدا گوتی ئەم پیرەمێردە هۆشی لەسەردا نەماوە، ئینجا بەدەنگێکی بەرز گوتی: زۆر باشە من کچەکەم دەدەمە کوڕی تۆ، بەڵام بەیەک مەرج تۆ دەبێ لە ماوەی ئەمشەو، کۆشکێکی وەکوو کۆشکی من دروست بکەی. ئەگەر سبەی بەیانی کۆشکەکە ئامادە بوو، من بەو پەڕی ئارەزووم کچەکەم بەکوڕەکەت دەدەم ، بەڵام ئەگەر ئامادە نەبوو، سەرت لە لەشت جودا دەکەمەوە!)) (داونینگ ، ٢٠٠٦، ٣١٦)).

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین پاشا مەرجی هەیە بۆ بەشوودانی کچەکەی ئەوێش دروستکردنی کۆشکێکی وەکو خۆیەتی بە هەمان ئەم کلتوورەی، کە لە کولتووری کوردیدا دەبینین کۆمەڵێک مەرج دادەنێن بۆ هاوسەرگیری کە لەتاقەی گەنجە یان ماڵەکە نییە جێبەجێی بکات. کەواتە مەرج لە کولتووری ئەمەنی و کوردیدا هەیە لە زۆربەی کولتووری میللەتانیشدا دەبیندرێت، بەڵام هەر یەک و بەشێوازی خۆی جیاوازە بۆنموونە لە کولتووری ئێمەدا مەرجی سەرەکی بریتییە لە گەوهەر و ئاڵتوون. بەم شێوەیە نووسەر بەو پەڕی شارەزاییەوە لە ویستوویەتی هەر دووکولتوورەکە بگوازێتەوە بۆمان.

لە پەڕەگرافێکی دیکەدا هەر لە ئەفسانەی ئەرمەنیدا ئەم مەرجی کچ بەشوودانە دەبینین بۆ نموونە ((من کوڕەکەتم بەزاوای خۆم قبووڵە، بەڵام بەیەک مەرج پیرەژن پرسی:

-مەرجەکە چییە؟ پاشا وەڵامی دایەوە:

-پاشای لێڕەوار دوژمنی منە بوخچەی کچی منی دزیوە کچەکەم هیچ جل و بەرگی نییە و ناتوانێ لەناو ئەم بیرە بێتە دەرەوە. ئەگەر کوڕەکەت بتوانێ ئەم بوخچەیە بێنێتەوە، دەستی کچی خۆمی لە ناو دەست دەنێم.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٦، ١٢) دیسان ئەگەر ورد بینەوە مەرجی پاشا بۆ هاوسەر گیریی کچەکەی ئەوەیە جل و بەرگەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە، کە کورە دەکەوێتە بەردەم ئازار و ترسەوە، چونکە یەکێکە لە پاشا جادووکەرەکان هەرکسێک چووبێت ئاوری بۆ ئەم پاشایە دابێتەوە دەبێت بە درەخت کەواتە مەرجی پاشا قورسە لە هەمان کاتدا دەبینین لەم کولتوورەدا داخوازی هەیە هەر وەک لە هەر دوو پەڕەگرافەکەدا دەرکەوت لە پەڕەگرافی یەکەم باوک داخوازی بۆ کوڕ دەکات لە پەڕەگرافی دووەم دایک داخوازی بۆ کوڕەکەی دەکات. لە کولتووری ئێمەشدا ئەم دوو کارەکتەرە سەرکین بۆ ئەنجامدانی کاری هاوسەرگیری کەواتە لێرەدا مەرجی هاوسەرگیری لە سیستەمی خێزان و کولتووری ئەرمەنی و کوردیدا هەیە، بەڵام جیاوازییەک دەبیندرت لە داواکاندا، کە هەم هاوبەشی هەم جیاوازی بیندرا.

لە ئەفسانەی کەنەداییدا دەبینن کولتووری کچ بە شوودان زۆر نزیکە لەگەڵ کولتووری ئێمەدا بۆنموونە ((هەبوو نەبوو... کچێک هەبوو. دووگەنج چوونە داخوازیی کچەکە هەوەسی بە یەکێکیان دەهات ڕقی لەوەی تر دەبووەوە. ئەوکوڕەی هەوەسی پێ دەهات، هەژاو نەدار بوو، ئەمە ببوو بە مایەی دڵگرانی و ناڕەزایی دایابی کچەکە، کە دەیانەویست کچەکەیان شوو بە گەنجێکی دەوڵەمەند بکا کچە ڕۆژێ لە دڵی خۆیدا گوتی: یاخوا ئەگەر شوو بە هەنجێکی دەوڵەمەند بکەم، شیتان بۆ خۆیم ببا.)) (فرۆنڤال، ٢٠١٤، ١١٠)

لێرەدا دەبینین هەمان ئەو کولتوورەی، کە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا هەیە نیشانمانی دەدات، چونکە لە سیستەمی خێزانی کۆمەڵگای کوردیدا کچ داخوازی دەکرێت لە دایک و باوک هەر وەک چۆن لە ئەفسانەی کەنەداییدا دیارە واتا هەتا دایک و باوک ئاگادار نەبن پرۆسەکە جێبەجێ نابێت وە لەگەڵ ئەوەشدا هەموو دایک و باوکێک باشترینیان بۆ منداڵەکانیان دەوێت لە شوێنی خۆش و ژیانێکی شایستە لە هەمان کاتدا پرس و ڕای دایک و باوک خاڵێکی جەوهەرییە لە پێکهێنانی ئەم ژیانی هاوبەشییەدا، بۆیە عەزیز گەردی زۆر بە ئاگاییەوە هاتووە کولتوور لە سیستەمی خێزانی کەنەداییدا بۆ نێو کولتووری کوردی بگوازێتەوە هەم نیشاندانی خاڵی هەوبەشیمان لە نێوان ئەم دوو کولتوورە جیاوازەدا.

لە ئەفسانەی کوردیدا لە سیستەمی خێزانیدا دەبینین جیاوازی لەگەڵ ئەفسانەکانی دیکەدا ئەوەیە، لە ژن و ژن خوازیدا لە نێو کولتووری کوردیدا دیاردەی شیربای و گەورە بە بچووک و ژن بەژن ومارەکردن لە سەر بێشکە دەبیندرێت، بەڵام لە کولتوورەکانی یان ئەفسانەکانی دیکەدا نابیندرێت. لە ئەفسانەی کوردیدا پێدانی کچ بە کور هەر لە منداڵیدا بەبێ ئاگاداری کور و کچ یاخود ڕەزامەندی هیچکامێکیان خێزان بڕیاری داوە لەسەر ئەم هاوسەرگیرییە دەبیندرێت بۆ نموونە لە ئەفسانەی کوردیدا دەردەکەوێت ((هەبوو نەبوو دوو پاشا هەبوون: پاشای ڕۆژهەڵات و پاشای ڕۆژئاوا. زۆر ڕێزو حورمەتی یەکتریان دەگرت، وەکو دوو برا وابوون. ڕۆژێ، پاشای ڕۆژهەڵات پێشنیاری بۆ پاشای ڕۆژئاواکرد:

ئەگەر خێزانی من کوڕی بوو و خێزانی تۆ کچی بوو، تۆ کچەکەی خۆت بدە کوڕی من، ئەگەر خێزانی تۆ کوڕی بوو و خێزانی من کچی بوو، من کچی خۆم دەدەمە کوڕی تۆ.

پاشای ڕۆژئاوا ڕازی بوو هەردووکیان بەڵێنیاندا.)) (جەلیلی جەلیل، ٢٠١٠، ٧٦).

لە ئەفسانەی کوردیدا ئەگەر سەرنج لەم پەڕەگرافە بدەین دەبینین سیستەمی خێزان و کچ بە شوودان بۆ نموونە ((قوربان، کوڕەکەم دەیەوێ زەماوەند لەگەڵ کچی پاشا بکا. منیش بۆ خوازبێنی هاتووم، وەزیر چووە لای پاشاو بە پاشای گوت: قیبلەی عالەم سەلامەتداربێ، پیرێژنێک هاتووە دەیەوێ کچی تۆ بۆ کوڕی خۆی بخوازێ. پاشا بیری کردەوەو گوتی: خەم ناکا، ئەم پیرەژنەم بۆ بێنن، بزانم)) ( دەروێشیان، ٢٠٠٣، ٧٥). خاڵێکی گرنگ دەردەکەوێت، لە ئەفسانەی کوردیدا بە خێوکردنی کچ گرنگە بۆ خێزان پێکهێنانی ژیان، بەڵام لە ئەفسانەکانی دیکەدا ڕەنگە شتی دیکە گرنگ بێت وەک دەبینین لە ئەفسانەی ئەرمەنیدا کۆشک و تەلار گرنگە.

لەم پەڕەگرافەدا بۆما دەردەکەوێت، کە لە ئەفسانەی کوردیشدا کولتووری داخوازی هەیە تادەگاتە ئەو شوێنەی، کە پاشا مەرج دادەنێت بۆ بە شوودانی کچەکەی بۆ نموونە دەڵێت: ((باشە، من قسەم نییە، بەڵام مەرجێکم هەیە. ئەویش ئەمەیە. سبەی فەرمان دەردەکەم کە خەڵک هەموو لە گۆڕەپانی بچووک کۆببنەوە. ئەوسا کە من لەلایەک پارە بەبەر خەڵک وەر دەکەم و تۆش لەلایەک پارەیان بەبەر وەرکە.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٧٥). لە نێو کلتووری ئێمەشدا وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا مەرج و شەرت و شروت هەیە لە هەرسێک ئەفسانەکاندا وەک ئەرمەنی و کەنەدی و کوردیدا، بەڵام مەرجەکان جیاوازبوون.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لەسیستەمی خێزانی کوردیدا جیاوازی زۆر دەبیندرێت لە چۆنییەتی بە شوودانی کچ و لێرەدا ئاماژە دەکات بۆ ئەو دەسەڵاتەی خێزانەکان هەیانە لە بە شوودان و ژن هێنان بۆ نەوەکانیان بەبێ ڕەزامەندی، چونکە لێرەدا دیارە هەر هێشتا لە دایک نە بوون داوایان بەیەک ڕەنگە لە کاتی پێگەیشتنی ئەم دوو گەنجەدا یەکتریان نەوێت یان نە گونجێن، بەڵام لە سیستەمی خێزانی ئەفسانەی کوردیدا گرنگی بە ڕۆڵی ڕازی بوونی ئەم دوو تاکە نادات لە کاتێکدا لە زۆربەی ئەفسانەو سیستەمی خێزانەکانی وەک کەنەدی بەتایبەت ئەورووپییەکان ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە نابیندرێت.

### ٢. ٢. ٣سیستەمی ئابووریی:

لە کولتووورە جیاوازەکاندا مرۆڤ لە هەر میللەتێکدا خەریکی پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆی بووە ئینجا بە کوشتوکاڵ کردن بێت یاخود بە پیشەسازی بیت یان هەر شتێکی دیکە لە ئەفسانەکانی جیهانیدا دەبینین زۆرجار مرۆڤەکان هەزاران شاخ و چیا دەبڕن بۆ گەیشتن بەو بژێوی ژیانیان بۆنموونە لە ئەفسانەی ئەرمەنیدا بە ناونیشانی شاگردی چل دز دەبینین ڕۆڵ و ڕەوشی کار و گوزەرانی

خەڵک نیشاندەدات، کە بەچی جۆرێک بژێوی ژیانیان پەیدا دەکەن، بۆنموونە ((ئەوە چ قەوماوە نان لەم شارە دەست ناکەوێ؟ ئێوە زەویتان نییە گەنم بچێنن؟ کابرا گوتی:

-نەخێر، برا، لێرە زەوی کشتوکاڵی هەر نییە.

-ئەی خواردنتان لەکوێ دەستەبەر دەکەن؟

-کەشتی خواردنمان بۆدێنێ.

-هەڵبەت دیارە کەشتی شتێکی بەسەر هاتووە، وانییە؟

کابرا بەداخ و کەسەرەوە سەری باداو گوتی:

-بەڵێ! هەر کەشتییەکی گەنم و ئاردمان بۆ دێنێ، کاتێ کە لەکانار نزیک دەکەوێتەوە، دەستێک لە ئاو دێتە دەرەوەو کەشتییەکە ڕادەکێشێتە ژێر ئاو. نازانین چ لەگەڵ ئەو دەستە بکەین!)) (داونینگ، ۲۰۰٦، ۲۳۱-۲۳۲).

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین باسی بارودۆخی هەژاری و ئابووری و کەمر دەرامەتی و کێشەی زەوی دەکات لەم شارەدا. کاتێک باس لەوە دەکات کە لەم شارەدا کشتوکاڵکردن نییە، بەڵکو بە کەشتی شتیان بۆ دێت ئەمە دەرخەری ئەوەیە ئەم میللەتە زیاتر خەریکی کاری پیشەسازی و ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکان و کاری ئاژەڵداری و کوشتووکاڵین، بەڵام لە ئەفسانەی کوردیدا سیستەمی ئابووری جیاوازتر دەردەکەوێت بۆ نموونە ((وەرزێرێکی دەستکورت هەبوو ناوی عەباس بوو. لەسبەینێ تا ئێوارێ لەسەر زەوی ئیشی دەکرد بۆ ئەوەی نان و بژێوی ژن و منداڵەکانی پەیدابکا. هەرگیز گلەو گازندەی لە ڕۆژگار نەبوو. قەت وا ڕێک نەکەوت ڕۆژێ لەسەر کاری گران دابنیشێ و بڵێت: خودایە دەبێ ڕۆژێ بێ و ئێمەش ئەستێرەی بەختمان بدرەوشێتەوەو دەوڵەمەند ببین؟! ڕۆژێکی گەرمی هاوین، ماوەیەک زەوی کێڵاو ئارەقەی بە هەنیەدا هاتەخوارێ، ئەوسا چوو لەبەر سێبەری درەختێک دانیشت بۆ ئەوەی پشوویەک بدات، یەکسەر خەوی لێکەوت.)) (جەلیلی جەلیل، ۲۰۱۰، ۲۲۲).

لێرەدا دەبینین لە سیستەمی ئابووری کوردیدا زیاتر بریتییە لە کوشتوکاڵکردن و زەوی کێڵان و بژێوی ژیانی زۆربەی هاوڵاتیان لەسەر کوشتوکاڵکردن بووە، کەواتە نووسەر زۆر بە لێهاتووی و بە وردییەوە مەبەستی بووە ئەم سیستمە بۆ میللەتەکەی بگوازێتەوە، چونکە لە نێو میللەتێکی وەکو کوردا هەر کوشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە دەیەوێت پێمان بگەیەنێت ئەگەر ئەوە نەبێت بیکەین پەنا بۆچی بەرین؟ بۆ دابین کردنی بژێوی تاکەکان هەر وەک لەسەرەو ئاماژەمان پێکرد ئەرمەنییەکان جگە لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری خەریکی کاری ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکان بوون هەر بەم پێیە هاوبەشی لە نێوان میللەتی ئێمەو میللەتی ئەرمەنیدا هەیە لە سیستەمی ئابووری و بەڕێوبردندا.

### ٤.٢.٢ سیستەمی هێز و دەسەڵات:

مرۆڤ هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابووە خۆی خاوەن دەسەڵات بێت یان وەک قارەمانێک کۆتای بەدەسەڵاتی خراپە بهێنێت. لە سیستەمی دەسەڵاتدا لە نێو ئەفسانەی گەلاندا جیاوازی و لێکچوون دەبینرێت. دەسەڵات یان هێز لە ئەفسانەی کوردیدا زۆرجار پەنای بردۆتە بەر دێو و درنج و خێو و پاشا، کە خاوەنی دەسەڵات بووە بەسەر مرۆڤایەتیدا، بەڵام لە ئەفسانەی فیرعەونیدا ئەگەر سەرنج بدەین دەبینی دەسەڵات زۆرجار بریتییە لە خێو بۆ نموونە (( (ڕەع)، هەموو دوعاو تەلیسمێک فێری خەڵک دەکا تەنیا ناوی نهێنی خێوانەی خۆیان پێ ناڵێ کە دایبابی لە ڕۆژی لەدایکبوونیەوە لێیان ناوە. هەموو هێزو توانای لەو ناوە نهێنییەدایە کە حوکمی هەموو دونیای پێ دەکا. دەزانێ هەر کەسێ ناوەکەی فێرببێ، دەسەڵاتی بەسەر هەموو زەوی و ئاسماندا دەڕوا. هیچ خێو و مرۆڤێک چاوی لەم جۆرە دەسەڵاتە نەبوو تەنیا (ئیزیس) نەبێ زۆرجار کە دەیدی باوکی خێوی دەسەڵاتی هەموو شتێکی هەیە)) (گەردی، ۲۰۱٥، ۸).

لێرەدا ئەگەر سەرنجی ئەم پەرەگرافە بدەین دەبینین هێز و دەسەڵات خێوە وە حوکمی هەموو دونیا دەکات دەسەڵاتی بەسەر زەوی و ئاسماندا هەیە. (ڕەع) خۆی خێوی خۆر بوو دەبینین لەم ئەفسانەی فیرعەونییەدا جگە لە خێوی خۆر خێوی ترێش هەیە وەک خێوی شەونم خێوی زەوی خێوی ئاسمان هتد... کەواتە ئەم خێوانە هێزی بڕیاردەر و فەرمان بەدەست بوون. دەسەڵاتیتەواوەتییان بەسەر مرۆڤداهەبووە بە پێچەوانەی هەندێک لە ئەفسانەکانی میللەتانی تر وەک ئەفسانەی ژاپۆنی، کە ئاژەڵێک دەسەڵاتی هەیە وەک ئەژدیها یان دراگۆن لێرەدا سەرنج بدەین دەسەڵاتەکە کەوتە دەست ئاژەڵی دڕندە.

لە ئەفسانەی کوردیدا سیستەمی دەسەڵات زیاتر پاشاکان بوون بە حوکمی ئەوەی، کە کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگایەتی و پیاو سالاری بووە بۆ نموونە ((پاشا قاپەکەی پڕ ئاو کرد و دایە دەست بنگار و گوتی:

ئەم قاپە پڕ ئاوە بگرە و بەسەر ئەم درەختەدا هەڵگەڕێ وریابە ئەگەر یەک دڵۆپی بڕژێ لە سەرت دەدەم. بنگار پێی لەسەر لقی یەکەم داناو بەدزی حەڵقەکەی لە زاری وەکو تف فڕێدایە ناو قاپەکە. ئاوی ناو قاپەکە بوو بە پەنیر و قاپەکەی لە گیرفانی ناو بەسەر درەختەکەدا هەڵگەڕا.)) (جەلیلی جەلیل، ٢٠١٠، ٧٢).

دەبینین لەم پەڕەگرافەدا بۆمان دەردەکەوێت پاشا نایەوێت کچی خۆی بدات بە بنگار مەرج و شەرت و شروتی هەیە هێز و دەسەڵات نیشان دەدات هەر وەکو چۆن ئاماژە دەکات قاپێک ئاو بەسەر دارێکدا سەر بخات بەبێ ئەوەی دڵۆپەیەکی لێبڕژێت داوایەکی ئاسان نییە ئەمەش بە مەبەستی نیشاندانی دەسەڵات و بەکارهێنانی بۆ ئازاردانی بەرامبەر و خۆ زاڵکردن بەسەر شتەکاند، کە لە زۆربەی ئەفسانە کوردییەکان دەسەڵات یان پاشا بووە یاخود دێو، کەواتە لێرەدا نووسەر ویستوویەتی لە کولتووره جیاوازەکاندا ئەم دەسەڵاتانە بخاتە بەردیدەمان لە چۆنییەتی بەکار هێنان و فەرمان ڕەواییدا.

## ئەنجامەکان

لەکۆتاییدا بەم خاڵانەی خوارەوە گەیشتین:

١- هەوڵی عەزیز گەردی لە وەرگێڕانی ئەفسانەی گەلانی دیکە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدان بە فکر و زەینی تاکەکانی میللەتەکەی، کە ئەزموون وەرگرتنە و بەتایبەتی ئەزموونی ژیان لە ئەفسانەی کۆنی گەلاندا.

٢- وەرگێڕ هەوڵیداوە هەموو کولتوورەکانی جیهان بە ئێمە ئاشنا بکات، بۆ نموونە کولتووری ئاینی لە جیهاندا یان کولتووری خێزان و ئابووری و دەسەڵات و بەڕێوەبردن، هەموو ئەمانەی خستۆتە بەردیدەمان، چونکە ئەم کولتووره جیاوازیانە هۆشیاری تاک وکۆمەڵگاکانە.

٣- ئێمە دەتوانین لەڕێگەی وەرگێڕانی ئەفسانەی گەلان، شارەزایی سیستەمی ئایینی، نەتەوەکانی دیکە لە کۆندا بین.

٤- لە توێژینەوەکەدا بۆمان دەرکەوت، دیدی عەزیز گەردی لە بوارەی وەرگێڕانی ئەفسانەی گەلان، دیدێکی ڕۆشنبیری و فکری بووە.

٥- لەڕێگەی وەرگێڕانی ئەفسانەی گەلانەوە، دەتوانین سیستەمی بیرکردنەوەی گەلان بۆ نەتەوەکەمان بگوازینەوە، ئەمەش گوتاری زۆربەی ئەفسانەناسەکانی جیهانە.

٦- لە توێژینەوەکەماندا، هەموو ئەم خاڵە هاوبەش و جیاوازیانە، کە لە نێوان کولتووری ئەفسانەی گەلاندا هەبوون، دەستنیشانمان کردن.

## سەرچاوەکان:

### *.کتێب

- ڕەسوڵ، د. عیززەدین مستەفا، (١٩٧٠)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ١، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا.
- سەگرمە، ڕێبوار جەماڵ، (٢٠٢٠)، ئەفسانەی کوردی، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- خۆشناو، فەرهاد عەزیز، (٢٠١٣)، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان،چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- مەنتک، د. حەمە، (٢٠١٩)، سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە هەقایەتی ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی بە نموونە، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلیمانی.
- ئامێدبەگ، د. دینمو حەمەد، (٢٠٢١)، کۆدەکانی جیۆکلتووری سیاسەتی دەرەوەی ئێران، تەحسین وسو. هەولێر.
- ئەحمەد زادە، هاشم، (٢٠١٢)، زمان و ئەدەب و ناسنامە،چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- فەرەج، د. شاخەوان جەلال، (٢٠١٣)، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- تاهیربەرزنجی، عەبدوڵڵا، (٢٠١٨)، دەنگێکی دیاری حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو شیعرەکانی وچەندلێکۆڵینەوەک، چ١، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
- دەروێشان، عەلی ئەشرەف، (٢٠٠٣)، ئەفسانەو ڕازی کوردی، عەزیز گەردی، دەزگاو چاپ و پەخشی سەردەم ، ، سلێمانی.
- داونینگ، چارلز، (٢٠٠٦)، ئەفسانەی ئەرمەنی، عەزیز گەردی، چ١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
- نووسەر(؟)، (٢٠١٥)، ئەفسانەی فیرعەونی، عەزیز گەردی،، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- نووسەر(؟)، (٢٠١٢)، ئەفسانەی ئەفریقی،، عەزیز گەردی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- فرۆنڤال، جۆرج، (٢٠١٤)، ئەفسانەی کەنەدایی، عەزیز گەردی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- جەلیلی جەلیل، ئوردیخان جەلیل، (٢٠١٠)، ئەفسانەی کوردی، عەزیز گەردی، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- قارەمان جووتیار ، (٢٠٢٣)، مرۆڤێکی تەنیا لە کەوشەنی کتێبدا، گفتوگۆ لەگەڵ عەزیز گەردیدا.چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

**سەرچاوەی کوردی ئەلیکترۆنی:**

- شێخانی، عەزیز، (٢٠١٦)، هەڵوێستەیەک لەسەر ناسنامە و شوناسی سیاسی کورد، ٢٠١٦، ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٦، ژ ٦٨٩. Online: https://kurdistanukurd.com 22/1/2024

*** سەرچاوەی ئەلیکترۆنی بەزمانی ئینگلیزی:**

1. Bolle, Kees, Buxton, Richard. Smith, Jonathan (2024), Myth, definition, history, examples, & facts. Online: www.britannica.com -22/1/2024

2. Akhter, Tawhida, (2022), culture and literature, Cambridge scholars publishing, British, Online: https://www.cambridgescholars.23/1/ -2024

3. - Pappas, Stephanie, Mckelvie, Callum, (2022), what is culture?. Online: https://www.livescience.com.23/1/2024

**سەرچاوەی فارسی:**

- شەریفی، محمەد، (١٣٨٧)، کتاب فرهەنگ ادبیات فارسی، نشر نو، تهران.
- منبع، (١٤٠٢)، روزنامه دنیای اقتصاد، شماره رۆزنامە، ٥٩٣٣، چهارشنبە٤ ، بهمن.
- محمد، رضا تاجیک،(١٣٨٣)، جهانی شدن وهویت هویت ملی وجهانی شدن، موسسەتحقیقات و توسعه علوم انسانی، دانشگاه تهران.
- لطف، ابادی محسن، (١٣٩٢)، بازخوانی نظری مفهوم هویت، مجله خردنامه، ژمارە١٠، بهار و بستان ١٣٩٢. ٢٠٢٤/٢/٦.

**دور عزيز كردي في ترجمة أسطورة الأمم إلى اللغة الكردية**

**ديمەن عبدالله صالح**
وزاره الثقافه، مديريه العامه للثقافه والفنون السليمانيه
deman.abdulla@gmail.com

**الملخص**
تعتبر كردستان جغرافيا مركزا للحضارات القديمة، حتى أنها بحسب الأبحاث الأثرية والتاريخية كانت الموطن الأول للسومريين، ثم انتقلت لاحقا من كردستان إلى بلاد ما بين النهرين، لدينا العديد من الأساطير داخل هذه الحضارة، الأساطير هي مورد تاريخي وديني وثقافي مهم لأي أمة، بل إنه تاريخ مقدس، إن دور الأساطير في تكوين الهوية الوطنية والثقافية مهم جدا لأنه يساعد على خلق الوعي والشعور المشترك بالتاريخ والقيم والمعتقدات والمقدسات والتقاليد وفي الوقت نفسه تصبح الأساطير وسيلة للتعبير عن الذكريات والتجارب الاجتماعية داخل الأمة والحفاظ عليها، تساعد الأساطير في تشكيل هوية كل فرد في المجتمع، لقد حاول باحث كبير مثل عزيز گردي إحياء الهوية الكردية والكردستانية والحفاظ عليها من خلال عمله على الأساطير. وفي الوقت نفسه ينبغي إحياء هذا الشعور المشترك تجاه الوطن والثقافة لدى كل فرد كردي.

بحثنا بعنوان (دور عزيز كردي في ترجمة أسطورة الأمم إلى اللغة الكردية)، تتكون دراستنا من جزأين، الجزء الأول عبارة عن إطار نظري لمفاهيم الأسطورة والهوية وأعمال عزيز گردي، أما الجزء الثاني فيتكون من عدة مواضيع، المبحث الأول هو عرض خطاب عزيز گردي ودوره في الترجمة والحفاظ على الأساطير وإحيائها. أما المبحث الثاني فهو العمل على دور الأسطورة في بناء النظم الدينيةو الأسرية و الاقتصادية، وأنظمة السلطة، وبطبيعة الحال تم إحياء كل هذا من خلال تحليل وتفسير الأساطير التي أحياها عزيز گردي، وأخيرا، نعرض النتائج في عدة نقاط.

**الكلمات المفتاحية:** الأسطورة، عزيز گردى، الثقافة، الترجمة.

**The Role of Aziz Gardi in Translating the Legend of Nations into Kurdish**

**Deman Abdulla Salh**
Ministry of Culture, General Directorate of
Culture and Arts of Sulaimani
deman.abdulla@gmail.com

**Abstract**
Kurdistan as a geographical region is the center of ancient civilizations, even according to archaeological and historical research was the first homeland of the Sumerians, later moved from Kurdistan to Mesopotamia. We have many Myths within this civilization. Mythology is an important historical, religious, and cultural resource for any nation. It is even sacred history. The role of myths in the formation of national and cultural identity is very important because it helps to create awareness and a common sense of history, values, beliefs, sacredness and traditions. At the same time, myths become a means of expressing and preserving social memories and experiences within a nation. Myths help shape the identity of each individual in society .

A great researcher like Aziz Gardi, through his work on mythology, is a joint effort to revive the country and culture among every Kurdish individual. Our research entitled (The Role of Aziz Gardi in Translating the Myth of Nations into Kurdish), which relies on the descriptive analytical method, is an attempt to research the role and position of Aziz Gardi in reviving and paying attention to Myths in order to show different cultures. Our study consists of two parts.

The first part is a theoretical framework for concepts, which consists of several themes: Theme 1 Concepts and terms of myth, Theme 2 Concepts and terms of identity, Theme 3 Concepts and terms of culture, Theme 4 Works of Aziz Gardi in mythology.

The second part is myths and cultural identity, which consists of several themes: Theme 1 is Aziz Gardi's views on translation, Theme 2 is the role of myths in building religion, family, economy, power and authority .

Finally, the results and a list of sources.

**Keywords:** Myth, Aziz Gardi, Identity, Culture, Translation.